# سەردەمی مارکس هێشتا نەهاتووە !

حەسەن حسێن

پاش ئەو گۆڕانکاریە سیاسیوئابووریوکۆمەڵایەتیانەی لەماوەی ئەم سەدەونیوە دا بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتووە ئاسۆیەکی تر، گەڕانەوەیەکی تر بۆ مارکسیەت چۆن دەبینی؟

گەڕانەوەبۆ مارکسومارکسیزم و هاوشێوەکەشی چاوخشاندنەوە بە مارکسیزمدا، باسوخواسێکی دنیای سیاسەت وفکر ڕۆشنبیریی یەك دەیەو نیوی ڕابردوو بوون وپێ ناچێت بەم زووانەش بڕەوێتەوە گەڕانەوە بۆ مارکسیزم پاش چیولەلایەن کێوە؟ گەڕانەوە بەدوای کام ئامادەییداو بگرە پاش کامە نا ئامادە بوونیشی؟ – ووشەی گەڕانەوە لە ڕووی زمانەوانیەوە گوزارشە لە دۆخێك یان دیاردەیەك کە دواکەوتبێت یان لە ڕووی شوێنکاتەوە جێهێڵرا بێت و بمانەوێت بچینەوە سەری بەم پێیە دەبێت بیری مارکس ئامادە بووبێت وە یان لە ئارادا بووبێت و ئێستاش پاش دابڕانوتێپەڕاندنی قسەلەگەڕانەوە بکرێت بۆی. بەڵام لە ڕاستیدا دەکرێت بڵێین بیری مارکس هەم ئامادەیەوهەم ئامادەش نیە، ئامادەیە وەك تارماییەك کە دریدا باسی لێ دەکات، وەك تازەیی و زیندوێتی دەزگای فیکری ڕەخنەگرییەکەی و وەك میتدولۆژییەکی فەلسەفی. بەڵام نا ئامادەشە وەك لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی تاك ڕەهەندییانەی فکرومێتۆدەکەی وشێواندنی ئایدیاکەی.

- لە جیهانی ڕۆژئاوا دا مارکس وەك تارماییوهەڕەشەیەك بۆ سەر سیستمی سەرمایەداری ئامادەیە، لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات وبلۆکی سەرمایەداریی دەوڵەتی سۆڤێت فکری مارکس کرایە جەستەیەکی بێگیان ولە هەمان کاتدا عوزرخوا بۆ هەڕەشە و تۆقاندنی هاوڵاتیان لەلایەن تۆتالیتاریزمی سەرمایەداری دەوڵەتیەوە, ئەوگۆڕانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەش کە باسیان لێوە دەکرێت فرماسیۆنی ئابووری سەرمایەدارییان تێ نەپەڕاندووە بۆیە باس کردنیش لە گۆڕانکاری ئابووری تاڕادەیەکی زۆر سەرلێشێوێنە هەڵبەتە ئەمەش بەو مانایە نیە کە دنیای ئەمڕۆ بە لێکدانەوە کۆمەڵناسیەکانی سەدەی (19) بپێوین، ڕەوشی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی دژی کاپیتالیستی و فیمینیزم و جوڵانەوە جەماوەرییەکانی تر وەك ڕەوشی سەدەی (19) نین و چەندین پێشڕەوی و پاشەکشە و سەرکەوتن و نوچدانی بەخۆوە دیوە، بەڵام بەم حاڵەشەوە هێشتا ئەم سیستمە ڕەخنەی دژە سەرمایە داری مارکسی تێنەپەڕاندوە چ جای گەڕانەوە بۆی. وەك هەندێك بیریار وای بۆ دەچن منیش پێم وایە سەردەمی مارکس هێشتا نەهاتووە، مارکس ومارکسیزم لە پشتمانەوە نیە بەڵکو لە پێشمانەوەیە مارکسیزمیش وەك ڕەوتێکی فیکری دوای مارکس بەردەوام لەگەڵاڵە کردنەوە و فراوان کردنی تێزەکانی مارکسە لەسەر دنیای سەرمایەداری.
- ئایا مارکسیزم بەهای تازە گەری لەدەست نەداوە؟ چۆن دەتوانرێت حزوری خۆی, گونجانی عملی خۆی لە چەرخی (21)دا بسەلمێنێ؟
- باسی تازەگەری لە مارکسیزمدا تازەنیەو، دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی شکستی ڕاپەڕینی 1919 ی ئەڵمانوشکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، دامەزراندنی قوتابخانەی فرانکفۆرت بەرەنجامی پەیبردنی لایەنگرانی بیری مارکس بوو بۆ ئەو شێواندنو ڕاڤەکردنە بەرتەسکانەی کە بۆ تیۆریەکانی مارکس کرا هەڵبەتە مارکس خۆشی بەرهەمێکی داخراوی نەخستە ڕوو تاوەکو دەستکاری کردنوئیزافات قبوڵ نەکات.
- میتودی فکری و فەلسەفی مارکس میتودێکی کراوەیە، گۆڕانوپەرەسەندنودیالێکتیك جەوهەری ئایدیاکەی پێك دەهێنن, ئەمە سەبارەت بە مێژووش هەر وایە، بایەخدانی بە ڕۆڵی هوشیاری لەسەر دیاری کردنی ئاراستەی مێژوو و پاشان فاکتەری ململانێ وەك بزوێنەری مێژوو ئیش کردنە لەسەر ئاراستەیەکی کراوە. ئەوە هوشیاری مرۆڤە کە

## حەسەن حسێن لەوەڵامی کۆی پرسیاری " دەنگەکان " دا

بەرپرسە لە دیاریکردنی ئایندەی خۆیوسۆسیالیزم.. بە بۆچوونی من دیترمینیزمی (حتمیە) مێژوو تێگەیەکی سوسیولۆجییە و پەیوەندی بەدراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، لەلای مارکس ڕەوتی مێژوو بە ڕووی ئەگەرەکاندا کراوەیە ئەوانەی کە بە دینەهاتنی سۆسیالیزم وەك خەوشێکی فیکریی مارکس سەیر دەکەن خۆیان بە چاویلکەیەکی میتافیزیکی داخراوەوە سەیری مێژوو دەکەن، وەك ئەوەی مێژوو لە چرکە ساتی ئێستادا دەرگاکانی خۆی کلۆم دابێ، ئەمەش بانگەشەیەکی مەبەستداری سەرمایەداریو دامودەزگاکانییەتی بۆ وەرچەرخاندنی ئاراستەو نیگای مرۆڤایەتی ڕووەوسۆسیالیزم. لێرەدا ڕۆڵی لایەنگرە دیترمینیستە (جەبرگەرا)کانی مارکسیش جێگای ئاماژەیە، کە بەهێنانە ئارای تێزی ماتریالیزمی مێژوویی ڕەهەندێکی میکانیکیان بەخشیە چەمکەکانی شۆڕشوگۆران. بە بۆچوونی من یەکێك لەو مەسەلانەی کەئەمرۆ پیویستە مارکسیزم قسەی لەسەر بکات و لەسەری بوەستیت , بکەر و ئەنجامدەری شۆڕشە ,چونکە ئەمرۆ بەهۆی پێشکەوتنی بی وینەی تەکنەلۆجیا و زانست وجولەی بی لەمپەری سەرمایەی جیهانگیرەوە ,پیگەی چینی کریکار وەك هیزیکی کۆمەڵایەتی و لەسەر مەیدانی ململانیکان لەرزۆك کردوە و کریکاران بەهۆی هەرەشەی بەردە وامی بیکارسازی و لاواز بونی رەوتی سوسیالیستی ودزە سەرمایەداری خەباتەکەیان , توانایی و وزە شۆرشگێرییەکەیان گۆرانی بەسەر دا هاتوە و لایەنی کەم ئیستا هیزی تاقانەی گۆرانخواز وشۆرشگیرنین , لیرەوە سۆسیۆلۆجیای مارکسی هاوچەرخ پیویستە راڤەی پیکهاتە و پیگەی هیزە کۆمەلایەتییەکان بکات ودەست بخاتە سەر ناکۆکیوململانێ ریشەییەکانوبەرژەوەندە ناکۆکودژ بەسەرمایەدارییەکان بە فۆمۆلێکی هاوچەرخ بخاتە ڕوو.

– دەوری مارکسیزم لەسەر چەپی کورد لە ڕابووردوئێستا دا چۆن دەبینن؟

– سەرەتا حەز دەکەم ئەوە ڕوونبکەمەوە کە لە سەدەی ڕابوردوو دا چەپ وەك بزووتنەوەیەکی سیاسی، لەم ناوچەیە دا، مارکسی راڤە نەکردووەونەیخوێندۆتەوە بەڵکو لە ڕێگەی تیۆریسێن و ڕاڤەگاری نێوانکارەوە (وسیگ) مارکسی خوێندۆتەوە، بۆیە بەردەوام چەپ لەم ناوچەیە لە ژێر کاریگەری باڵەجۆراوجۆرەکان چەپ لە جیهاندا بوون، چەپی ڕووسی، ترۆتسکیزم و ماویزموچەپیگیڤارایی وهتد...، بۆیە بێ توانا بوون لەبەرهەمهێنانی فیکروئیزافاتوخوێندنەوەی مارکس. بۆ کوردستانوچەپی کوردیش، ئەگەر بشێت وای ناوبنێین، بەڵاکە دووبەرابەر بووە، لەلایەکەوە بە هۆی دابەش بوونی کوردستانووابەستەیی بە چەند دەوڵەتێکەوەوگیرخواردنی لەهەلومەرجێکی سیاسیوئابووریوکۆمەڵایەتی تایبەتدا، بزووتنەوە سیاسییەکانیش بەردەوام لە ژێر کاریگەری و هەژموونی بزووتنەوەی سیاسی و ڕەوشی سیاسی ووڵاتە کۆلۆنیالیستەکانیاندا بوون، بەواتایەکی تر پاشکۆی سیاسیوفکریورۆشنبیریی نەتەوەی سەردەست بوون، چەپیش بەدەرنیە لەو حاڵەتەو ئەویش هەرچەندە بانگەشەی عەقلانیەتی کردبێت بەڵام بە کردەوە لە پاشکۆیەتییەکی نا عەقلانی چەپی ئەم ولاتانەدا هێناوێتیوبەردەوام لە چوارچێوەوفەزای فیکریی و سیاسی بزووتنەوەی چەپی نەتەوەی سەردەست دا قەتیس ماون و زۆر جاریش تا ئاستی کۆپی کردنی سیاسەتوفیکری چەپ لەم ناوچەیەدا ڕۆیشتوون بۆ نمونە گۆڕانوهەڵوێستگیریەکانی چەپی عەرەبیوچەپی ئێرانی لەسەر چەپیش لە کوردستان دا ڕەنگی داوەتەوە ئەمەش فاکتەرێك بووە کە ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستان هەتا ئەم چرکە ساتەش تێگەیشتنێکی کرچوکاڵو ڕووکەشیانەی لە مارکسیزم هەبێت، وە دواجار تەمەڵییەکی فیکری لەم نێوەدا لێکەوتۆتەوە، ئاکامی ئەمەش خستنە ڕووی وێنەیەکی کاریکاتۆریانەی مارکسیزم بووە لە کۆمەڵگەدا. لە ڕاستیدا چەپ لە کوردستان بەقەد ئەوەی مارکسیزم و بیروباوەڕی مارکسی بە شێوێندراوی خستۆتە ڕوو نیو ئەوەندەی لێ وەرنەگرتووە.